Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

TURVAPAIKKA-,
MAAHANMUUTTO- JA
KOTOUTTAMISRAHASTO

Euroopan unionin tuella

# زانیاری بۆ پەناخواز


## منداڵەکانی بەبێ سەرپەرشت

راتکردووەلەوڵاتەکەت و داوای پاراستن لەفینلەندا دەکەیت

وتووتەکەتەمەنت کەمترەلە٨١ ساڵ بەپێی یاسای فینلەندا کەسانی تەمەنیان کەمتر لە٨١ ساڵ منداڵن مافت تایبەتیت هەیەبۆ پاراستن و بەخێوکردن هەموو منداڵەکانی لەفینلەندا خاوەن هەمان مافەکانن، بۆ نمونەمافی خوێندنگەو چارەکردنی نەخۆشیەکانیان

بەبێ سەرپەرشتەکانت هاتوویت بۆ فینلەندا بەڵام لێرەبەتەنیا نیت، بەڵکو دەتوانیت یارمەتی لەزۆر گە ورەکان وەربگریت کارمەندەکانی ناوەندی پەناخوازان بەرپرسیارن لەخۆشگوزەرانی و بەخێوکردنت هە روەها نوێنەرێک یارمەتیت دەکرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانت لەگەڵ کاربەدەستان

لەم نامیلکەیەدا باسی ئەوەدەکەین کەچی دەبێت کەداوای پەنابەری دەکەین لەفینلەندا زانیاریی زیاتر دەتوانیت هەمیشەلەکارمەندەکانی ناوەندی پەناخوازان یان نوێنەرەکەت پرسیار بکەت





## ئەرکی پاراستنی نهێنیەکانن لەسەر شانی کاربەدەستانە

- لەفینلەندا دەتوانیت بڕوات هەبێت بەکاربەدەستان، وەکو پۆلیس، دەزگای سینۆرپارێز و کارمەندەکانی فەرمانگەی کۆچ
  ئەوان شارەزای کاری خۆیانن و بەپێی یاسا کار دەکەن
- ئەرکی سەر شانی هەموو کارمەدەکانی بەڕێوەبردنی بابەتەکەتەکەنهێنیەکان بپارێزن واتەنابێت ئەوان شتەکانی کەلەکارەکانی خۆیاندا دەبیسن بۆ هیچ کەسێکی دەرەکی بدرکێنن ئەرکی نهێنی پاراستن هەروەها لەسەر شانی نوێنەرەکەت، کارمەندەکانی ناوە ندی پەناخوازان، وەرگێڕەکان و پارێزەرەکانیش هەیە



ئەوها پرۆسەیی پەناخوازی بەڕێوەدەچێت



## ١ بەکاربەدەستەکانی پشکنینی سینۆر یان پۆلیس بڵێ کەداوای پەنابەری دەکەیت

دەتوانیت داوای پەنابەری لەفینلەندا بکەیت تەنیا ئەگەر بەخۆت لەفینلەندا ئامادەبیت کاتێک کەبۆ فینلەندا دێیت، بەکاربەدەستەکانی پشکنینی سینۆر یان پۆلیس بڵێ کەداوای پەنابەری دەکەیت کاربەدەستان تۆ وەکو پەناخواز تۆمارت دەکەن، زانیاریەکانت لە سەر تۆماری بیانیان دەنووسین، پەنجەمۆرەکانت (تەنیا کەسانی لە ٦ ساڵ گەورەتر) و واژۆیەکەت قەید دەکەن و وێنەت دەگرن ئەگەر پاسپۆرت یان بەڵگەی ناسنامەت هەبێت، پیشانی کاربەدەستان بدە

بزانەکەپێشکەشکردنی زانیاریی هەڵەی ناسنامەلەفینلەندا تاوانە کەسانی گەورەتر لە٥١ ساڵ سزا دەدرێن لەفینلەندا ئەگەر تاوان بکەن

- لەماوەی بەڕێوەچوونی داواکاریەکەتدا دەتوانیت لەفینلەندا بیت
- ئەندامەکانی خێزانەکەت دەتوانن بۆ فینلەندا بێن تەنیا داوای ئەوەکە ئیقامەبەتۆ بدرێت










## ٢ کاربەدەستان دەتنێرن بۆ ناوەندی پەناخوازان

دەتوانیت لەناوەندی پەناخوازان بژیت ئەو ماوەیەکەداواکاریەکەت بەڕێوەدەچێت لەوێ هەندێک منداڵی دیکەش هەن کەسەرپەرشتەکانیان لەفینلەندا نین لەناوەندی پەناخوازان لەئاسوودەییدایت لەوێ هەمیشەکارمەند ئامادەن کەدەتوانیت لەگەڵیان قسەبکەیت و داوای یارمەتی لێیان بکەیت

کارمەندەکانی ناوەندی پەناخوازان بەرپرسیارن لەبەخێوکردنت، چارەکرنت و خۆشگوزەرانیت دەتوانیت بۆ خوێندنگەبڕۆیت و ئاشنا ببیت لەگەڵ سەرگەرمیەجیاوازەکان

دەبێت پابەندی مەرجەکانی ناوەندی پەناخوازان بیت و ئەو شتانەبکەیت کەبڕیار دراوەلەسەر ئەگەر کێشەدورست ببێت لەگەڵ منداڵەکانی دیکە، بەکارمەندەکان بڵێ هەروەها هەمیشەبەناوەندی پەناخوازان بڵێ بۆ کوێ دەڕۆیت و وەڵامی تەلەفۆن بدەرەوەکاتێک کەناوەندی پەناخوازان تەلەفۆن بۆت بکات

ناوەندی پەناخوازان ناتوانێت کارتێکردن بکات لەسەر داوایەپەناخوازیەکەت


Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service



## ٣. داگای سەرەتایی نوێنەرێک بۆت دیار دەکات


کەسانی کەمتر لە٨١ ساڵ بەپێی یاسا منداڵن و ناتوانن بەخۆیان کاروبارەکانیان بەڕێوەببەن لەگەڵ کاربەدەستان بۆیەداگای سە رەتایی نوێنەرێک بۆت دیار دەکات  ئەوەکەسێکی گەورەیەکە یارمەتیت دەکات لەپرۆسەی پەناخوازیدا و لەلای کاربەدەستانی جۆراوجۆر ئەرکی ئەوەیەدڵنیا بکات کەبەرژەوەندیت ڕاچاو بکرێت لەقۆناخەکانی جۆراوجۆردا

### نوێنەر چی دەکات

- نوێنەرەبۆچوونت لەسەر بابەتەکانی جۆراوجۆر دەپرسێت و دڵنیا دەکات کەکاربەدەستان بۆچوونت ڕاچاو بکەن
- نوێنەرەکەت زانیاری سەبارەت بەمافەکانت و ئەرکەکانت لەپرۆسەی پەناخوازیدا پێت دەڵێت
- نوێنەرەکەت لەگەڵت دەبێت کاتێک کەلێدوانەوەدەکەیت لەگەڵ کاربەدەستانی وەکو پۆلیس و فەرمانگەی کۆچ  ئەو لەسەر ناوت پەیوەندی دەکات لەگەڵ کاربەدەستان
- نوێنەرەکەت بۆچوونی خۆی بەکاربەدەستان دەڵێت کەچی لەچی بارودۆخێکدا لەبەرژەوە ندیی تۆدایە
- ئەگەر پێویست بێت نوێنەرەکەت پارێزەرێک بۆت دەگرێت و پەیوەندی لەگەڵ دەکات
- نوێنەرەکەت لەگەڵ تۆ بەڵگەنامەکانی گرینگ واژۆ دەکات

### نوێنەر چی ناکات

- نوێنەرەکەت بەرپرسیار نیەلەبەخێوکردن و گەورەکردنی ڕۆژانەی تۆ ئەوەئەرکی ناوەندی پە ناخوازانە نوێنەر تێکەڵ کاروباری ناوخۆی ناوەندی پەنابخوازان و ڕێکارەکانیان نابێت
- نوێنەر پارەبەقەرز پێت نادات و شت بۆت ناکڕێت
- نوێنەر ناتوانێت لەماڵی خۆیدا نیشتەجێت بکات_



## ٤ فەرمانگەی کۆچ یەکلا دەکاتەوە کەئایا لێکۆڵینەوەلەسەر داواکاریەکەت لەفینلەندا بکرێ

وێڕای ئەوەش کەداوای پەنابەریت کردووەلەفینلەندا، ڕەنگە داواکاریەکەت لەوڵاتێکی دیکەبەڕێوەببرێت

وڵاتەکانی یەکێتیی ئەوروپا و هەروەها نەرویج، ئیسلەندا، سویسرە و لیهتێنشتاین پابەندی پەیمانی دابلینن بەپێی ئەو پەیمانە داوای پە نابەری تەنیا لەیەکێک لەو وڵاتانەلێکۆڵینەوەلەسەر دەکرێت بەکاربەدەستان بڵێ ئەگەر

- کەسوکارت هەبن لەوڵاتێکی دیکەی دابلین
- ئیقامەیان ڤیزەی وڵاتێکی دیکەی دابلینت هەبێت
- پێشتر لەوڵاتێکی دیکەی دابلین مابیت
- پەنجەمۆرت گیرابن لەوڵاتێکی دیکەی دابلین
- داوای پەنابەریت کردبێت لەوڵاتێکی دیکەی دابلین

ئەگەر تۆ ئەندامانی خێزان یان خزم و کەست لە وڵاتێکی تری ئەندامی پەیمانی دوبلین (Dublin) هەیە، هەوڵ دەدرێ کە تۆ لەگەڵ ئەوان یان لە فینلەندا یان لە وڵاتەکەی تر یەک بگرنەوە.

و وڵاتە داوای پەنابەریت دوای ئەوەلەو وڵاتەبەڕێوەدەچێت ئەگەر ئەندامی خێزانت یان کەسوکارت لە وڵاتێکی دیکەی دابلین نەبن، داوایەکەت لەفینلەندا بەڕێوەدەچێت ڕەنگەداواکاریەکەت لێکۆڵینەوەلەسە ر نەکرێت هەروەها ئەگەر

- لەوڵاتێکی ئاسوودەمافی پەنابەری پێت درابێت
- ئەگەر لەوڵاتێکی ئاسوودەهاتوویت بۆ فینلەندا کەدەتوانیت لەوێش داوای پاراستن بکەیت



### ٥ لەلێدوانەوەدا یەکلا دەکرێت کەبۆچی داوای پەنابەری دەکەیت

لێدوانەوەی پەناخوازی چاوپێکەوتنێکی زۆر گرینگە نوێرەکەت یارمەتیت دەدات بۆ خۆئامادەکردن لەلایەن فەرمانگەی کۆچەوە بانگ دەکرێیت بۆ لێدوانەکە نامەکەو پاشکۆیەکانی لەگەڵ پاش بخوێنەلەگەڵ نوێرەکەت ناوەندی پەناخوازان دەتبات بۆ لێدوانەکە

نوێرەکەت لەلێدوانەکەدا ئامادەدەبێت هەروەها پارێزەرەکەت دە توانێت بەشداری لەلێدوانەوەدا بکات ئەگەر بەپێویست بزانێت


لەلێدوانەوەدا یەکلا دەکرێت کەکێیت و چۆن بۆ فینلەندا هاتوویت زانیاریەکانی ئەندامەکانی خێزانەکە ت بەوردی و ڕاست بڵێ زانیاریەکانی هەڵەپاشان ڕەنگەهێنانی خێزانەکەت بۆ فینلەندا ئاڵۆز بکات

پرسیاری ئەوەلێت دەکرێت کەبۆچی ڕاتکردووەلەوڵاتەکەی خۆت و بۆچی ناتوانیت بگەڕێیتەوە هەموو بە ڵگەکانی کەقسەکانت بسەلمێنن لەگەڵ خۆت بێنە

بەئازادیی باسی هەموو ئەو شتانەبکەکەڕەنگەکارتێکردنیان لەسەر داواکاریەکەت هەبێت هەروەها بڵێ ئەگەر شتێک نەزانیت یان لەبیرت نەمابێت بڵێ ئەگەر لەوەرگێڕ تێنەگەیت

گرینگەکەهەموو هۆیەکانی داواکاریەکەت یەکسەر بڵێیت ئەگەر پاشان هەندێک هۆی نوێ پێشکەش بکەیت، دەبێت هۆیێکی ڕەوات هەبێت بۆ ئەوەکەبۆچی پێشتر باسی ئەوەت نەکردووە هۆیەکەتەنیا دە کرێت ئەوها بێت کەبەخۆت کارتێکردنت لەسەر نەبووە

لە لێکۆڵینەوەکەدا کۆنووسێک دەنووسرێ و کۆپیەکەی بە تۆ (ئەگەر تەمەنت لە سەرەوەی ١٥ ساڵ بێت) و بە نوێنەرە یاساییەکەت دەدرێت.





### ماوەی بەڕێوەچوون

- ماوەی بەڕێوەچوونی داواکاریەکەت بەلای زۆرەوە٦ مانگە بەسەبر چاوانی بڕیارەکەبکە
- ئەگەر نەتوانن بڕیارەکەت لەو ماوەیەدا بدەن، فەرماگەی کۆچ پێت دەڵێت و تەخمینێکی نوێ دەدات سەبارەت بەوەکەبڕیارەکەکەی دێت
- دەتوانیت ماوەی بەڕێوەچوونی داواکاریەکەت لەسەر ماڵپەڕی فەرمانگەی کۆچ بڕوانیت

### ڕوونکردنەکانی زیاتر

- دەتوانیت دوای لێدوانەوەڕوونکردنەوەی زیاتر بگەیێنیت بەفەرمانگەی کۆچ دەتوانیت ڕوونکردنەوەی زیاتر بنێریت بۆ نمونەئەگەر لەباروودۆخەکەتدا گۆڕانێکی گرینگ ڕوویدابێت بەهۆی ڕووداوەکانی نوێ لەوڵاتەکەت یان ئە گەر شتێکی گرینگ لەبیرت چووبێت باس بکەیت لەلێدوانەوەی پەناخوازیتدا
- لەگەڵ نوێرەکەت لەسەر ئەوەقسەبکە ئەگەر پێویست بێت ئەو زانیاریی زیاتر بۆ فەرمانگەی کۆچ دەنێرێت

## ٦ بڕیارێک لەسەر داواکاریەکەت بۆت دێت



دوای لێدوانەوەکەفەرمانگەی کۆچ درێژەدەدات بەلێکۆڵینەوەی داواکاریەکەت ئەگەر پێویست بێت داوای زانیاریی زیاتر لەنوێرەکەت دەکرێت کەداواکاریەکەت یەکلا کرایەوە، بڕیارێکی نووسراو بۆت دێت

بڕیارەکەدەدرێت لەسەر بنەمای یاسای بیانیان، زانیاریەکانی لەلێدوانە کەدا ووتوون ، کەرەستەی دیکەی لەبابەتەکەدا پەیدا کراو و  زانیاریە کانی کەفەرمانگەی کۆچ هەن سەبارەت بەباروودۆخی وڵاتەکەت

بڕیارەکەدەکرێت پۆزیتیڤ یان نێگاتیڤ بێت پۆلیس یان فەرمانگەی کۆچ بڕیارەکەپێت دەدات دەکرێت بڕیارەکەهەروەها بەپۆستەبۆ نوێرە کەت بێت بڕیارەکەت لەگەڵ نوێرەکەت بخوێن

## بڕیاری پۆزیتیڤ



ئیقامەیان مۆڵەتی دانیشتن پێت دەدرێت و دەتوانیت لەفینلەندا بمێنیت بەئۆتۆماتیکی تۆمار دەکرێیت لەسەر تۆماری نفووسی فینلەندا و ژمارە یێکی تاکەکەسی پێت دەدرێت

ئیقامەدەکرێت بەچەندین هۆیێکی جیاواز بدرێت هۆیەکان ئەمانەن

١) پەنابەری

١) پاراستنی پلەی دوو

٣) هۆیێکی مرۆڤیی تاکەکەسی

٤) نەبوونی دەرفەتی دەرچوون لەم وڵاتەو

٥) قوربانی بوونی بازرگانیی بەمرۆڤ

هۆیەکەی ئیقامەکەت لەسەر بڕیارەکەت نووسراوە زانیاریی زیاتر سەبارەت بەهۆیەکانی  ئیقامەدەتوانیت لەڤیدیۆیەکانی و ماڵپەڕەکانی فەرمانگەی کۆچدا ببینیت

ئەگەر بەبڕیارەکەڕازی نەبیت، دەتوانیت سکاڵا لێ بکەیت لەدادگای  کارگێڕی بۆ سکاڵاکردن پێویستیت بە پارێزەرێکی دادی هەیە

### کارتی ئیقامە

لەگەڵ بڕیارەکەکارتێکی ئیقامەپێت دەدرێت بەوەدەتوانیت بسەلمێنیت کەمافی مانەوەت لەفینلەندا هە یە کارتەکەبۆ ئەو کاتەبەکاردێت کەئیقامەپێت دراوە

### کارتی ناسنامە

لەفینلەندا پێویستیت بەناسنامەهەیەبۆ نمونەبۆ وەرگرتنی کردنەوەی حەسابی بانک بەڵگەی ناسنامەیی دەکرێت پاسپۆرتی وڵاتەکەت بێت یان کارتی ناسنامەیی فینلەندی دەتوانیت داوای کارتی ناسنامەلەلای پۆلیس بکەیت

### بەڵگەنامەی گەشتکردن

بەپێی یاسا پێویستەبەڵگەنامەیێکی گەشتکردنت هەبێت کەکاتی بەسەر نەچووبێت ئەگەر مافی پەنابەری پێت بدرێت، دەکرێت داوای بەڵگەنامەی گەشتکردنی پەنابەران بکەیت ئەگەر پاراستنی پلەی دوو پێت بدرێت، دەکرێت داوای پاسپۆرتی بیانی بکەیت بەو بەڵگەیانەدەتوانیت بۆ دەرەوەی وڵات گەشت بکەیت و بگەڕێیتەوەبۆ فینلەندا

### نەقلبوون بۆ سەر شارەوانی

ئەگەر ئیقامەپێت بدرێت، دەتوانیت نەقڵ ببیت بۆ ماڵێکی گرووپیی خێزانی دەتوانیت لەوێ بژیت تا ببیت بە٨١ ساڵ کارمەندەکانی ماڵی گرووپیی خێزانی بەرپرسیارن لەبەخێوکردن و گەورەکرنت نوێنەرەکە ت وەکوو خۆی دەمێنێت و یارمەتیت دەکات لەبەڕێوەبردنی کاروبارەفەرمیەکانتدا تا ببیت بە٨١ ساڵ

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service



## بڕیاری نێگاتیڤ

ئیقامەپێت نادرێت و ناتوانیت لەفینلەندا بمێنیت

لەگەڵ بڕیاری نێگاتیڤ فەرماگەی کۆچ هەروەها بڕیاری ئەوەش دە دات کەدەبێت لەم وڵاتەدەربچیت

دەکرێت هەروەها قەدەخەی هاتنەوەت بۆ ئەم وڵاتەئەمر بکرێت واتەنابێت بگەڕێیتەوەبۆ فینلەندا یان هەرێمی شێنگێن قەدەخەکەبۆ ماوەیێکی دیارکراوەیان تا بڕیارێکی دیکە

## بەڕێوەچوونی خێرایی

ئەگەر داواکاریەکەت بەبۆچوونی فەرماگەی کۆچ بەئاشکەرایی هیچ بوونی نەبێت، بڕیارێکی نێگاتیڤ بە خێرایی دەدرێت واتەزووتر لەم وڵاتەدەرتدەکەن، بەشێوەیێکی گشتی لەماوەی ٧ ڕۆژدا دوای بڕیارەکە

## دەرچوونی لەوڵات

ئەگەر بڕیاری کۆتاییت نێگاتیڤ بێت، دەبێت لەفینلەندا دەربچیت ئەگەر بەدڵخوازی بۆ وڵاتەکەت بگە ڕێیتەوە، دەتوانیت داوای یارمەتیی گەڕانەوەبکەیت،  ئەگەر بەدڵخوازی نەگەڕێیتەوە، پۆلیس دەتگە ڕێنێتەوەبۆ وڵاتەکەت بەرلەوەی کەبتگەڕێننەوە، پۆلیس دڵنیا دەکات کەکاتێک بتگەڕێننەوەبەئاسوودەیی پێشوازی لێت دەکرێت لەوڵاتەکەت

ئەگەر پۆلیس گومانی لەوەهبێت کەهەوڵ دەدەیت دەرکردنەوەت لەم وڵاتەئاڵۆز بکەیت، پۆلیس دە توانێت بڕیار بدات کەدەبێت لەهەندێک کاتی دیارکراودا لەپۆلیس یان ناوەندی پەناخوازان ئامادەببیت پۆلیس دەتوانێت بڕیار بدات کەدەستگیرت بکات یەکەی دەستگیرکراوەکان داخراوەو لەوێ نابێت دە ربچیت منداڵ زۆر بەدەگمەن دەستگیر دەکرێن منداڵەکانی کەمتر لە١٥ساڵ، کەسەرپەرشتیان لەگەڵ نە بێت، هەرگیز دەستگیر ناکرێن





## سکاڵاکردن لەبڕیار

- مافت هەیەسکاڵا بکەیت لەبڕیاری فەرماگەی کۆچ لەبەردەم دادگای کارگێڕی لەگەڵ بڕیارەکەپاشکۆیێک هەیەکەڕێنمایی بۆ سکاڵاکردن لەسەر نووسراون لەپاشکۆیەکەدا کاتێکی دیار کراوەکەدەبێت لەو کاتەدا سکاڵا بکەیت نوێنەرەکەت و پارێزەرەکەت سکاڵا بۆت بنووسێت
- دادگای کارگێڕی ڕەنگەبڕیارەکەپەسەند بکات، بگۆڕێت یان ئەمر بکات کەفەرماگە ی کۆچ جارێکی دیکەلێکۆڵینەوەلسەر داواکاریەکەت بکات
- دوای بڕیاری دادگای کارگێڕی، مافت هەیەداوای ڕوخسەتی سکاڵاکردن بکەیت لە دادگای باڵای کارگێڕی  لێکۆڵینەوەلەسەر هەموو سکاڵایێک ناکرێت دوای ئەوە ناتونیت سکاڵا لەبڕیارەکەبکەیت، ئەوەئیتر بڕیاری کۆتایی دەبێت
- بزانەکەلەقۆناخی سکاڵاکردندا فەرماگەی کۆچ ناتوانێت زانیاری سەبارەت بەبەڕێوە چوونی بابەتەکەبدات نوێرەکەت دەتوانێت زانیاریەکان بەڕێگای پارێزەرەکەتەوەوە ربگرێت

مافەکانت

## دەتوانیت داوای ڕێنمایی لەپارێزەرەکەت بکەیت



مافت هەیەیارمەتیی دادی پێت بدرێت واتەلێدوانەوەبکەیت لەگەڵ پارێزەرەکەت لە هەموو ماوەی پرۆسەی پەناخوازیدا ئەگەر پێویست بێت نوێنەرەکەت پارێزەرێک بۆت دەگرێت و پەیوەندی لەگەڵ دەکات

کاری پارێزەر ئەوەیەکەلەهەموو کاروباری پەیوەندی بەپرۆسەی پەناخوازیدا ڕێنمایی پێت بدات ئەو لەبابەتەکانی دیکەدا یارمەتیت ناکات

## لەلەگەڵ کاربەدەستان وەرگێر بەکاردەهێنرێت



وەرگێڕ بەزمانێک قسەدەکات کەتێبگەیت  وەرگێڕ ڕەنگەلەشوێنەکەئامادەبێت یان لە سەر تەلەفۆن یان بەڤیدیۆ بێت وەرگێڕەکان بێلایەنن و پابەندی پاراستنی نهێنیەکانن

## مافت هەیەزانیاری وەربگریت سەبارەت بەبابەتەکەت



مافت هەیەئەو بەڵگەیانەببینیت کەسەبارەت بەخۆتن  دەتوانیت بەنووسین لەفە رماگەی کۆچ داوای بۆ نمونەئەو بەڵگەیانەبکەیت کەپەیوەندیدارن بەبڕیارەکەت و لێدوانەکەت زانیاریەکانی سەبارەت بەداواکاریەکەت بەتەلەفۆن نادرێن



## دەتوانیت کار بکەیت ئەگەر لە٥١ ساڵ زیاتر بیت



لەفینلەندا منداڵەکان کار ناکەن، بۆ خوێندنگەدەڕۆن
ئەگەر بتەوێت کار بکەیت، دەبێت تەمەنت لە٥١ ساڵ زیاتر بێت

دەتوانیت دوای چەند مانگ لەڕادەستکردنی داوای پەنابەری دەست بەکارکردن بکە یت زانیاریی زیاتر سەبارەت بەکارکردن دەتوانیت لەکارمەندەکانی ناوەندی پەناخوازان و ماڵپەڕی فەرمانگەی کۆچ مگر.ف

## دەتوانیت بگەڕێیتەوەبۆ وڵاتەکەت



کەی بتەوێت دەتوانیت داواکاریەکەت بەتاڵ بکەیت و بگەڕێیتەوەبۆ وڵاتەکەت دە توانیت بۆ گەڕانەوەداوای یارمەتیی پارەبکەیت لەو بارەدا قسەبکەلەگەڵ نوێنەرەکەت و کارمەندی سۆسیاڵ

## گەر پێویست بێت دەتوانیت داواکارییێکی نوێ بکەت



ئەگەر لەبارودۆخەکەتدا گۆڕانکارییێکی گرینگ ڕوویدابێت دوای وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی، دەتوانیت داواییێکی نوێی پەنابەری بکەیت باسی بارودۆخەگۆڕاوەکەت بکە و هۆیەکانی نوێیەکسەر لەگەڵ داواکاریەکەنوێیەکەت پێشکەش بکە ئەگەر هیچ هۆیێکی نوێت نەبێت بۆ وەرگرتنی پەنابەری، بڕیارێک دەدرێت کەلێکۆڵینەوەلەسەر داواکاریەکەت ناکرێت

ئەركەكانت

## لەیەكلاكردنی بابەتەكەتدا یارمەتی بدە

دەبێت ڕاست بۆ كارمەندەكان باس بكەیت و یارمەتیدەر بیت لەیە كلاكردنی بابەتەكانتدا بۆ نمونەدەبێت لەلێدوانەكەتدا باسی هەموو ئەو هۆیانەبكەیت كەبۆچی داوای پەنابەری دەكەیت ئەگەر زانیاریی هەڵە ت دابێت ، پاشان دەتوانن ئیقامەتەک بەتاڵ بكەنەوە

## لەماوەی بەڕێوەچوونی داواكەتدا لەفینلەندا بمێنە

نابێت لەفینلەندا دەربچیت بەرلەبڕیاردان لەسەر بابەتەكەت داوایەكەت بەتاڵ دەبێت واتەئیتر بەڕێوە ناچێت

ئەگەر پەیوەندی نەبێت لەگەڵت دوو مانگ

یان كاربەدەستان بزانن كەلەفینلەندا دەرچوویت

## وەرەبۆ لێدوانەكان

دەبێت لەكاتی خۆیدا لەهەموو لێدوانەكاندا ئامادەبیت ئەگەر بەبێ هۆیێكی ڕەوا بۆ لێدوانەوەی پە ناخوازی نەیێیت، ڕەنگەبڕیار بدرێت لەسەر داوایەكەت بەبێ لێدوانەوە

ئەگەر نەخۆش بیت، لەزووترین كاتدا ناوەندی پەناخوازان ئاگادار بكە پاشان بەڵگەی بژیشكی بگەیێنەبە فەرمانگەی كۆچ

## هەموو بەڵگەكانی سەبارەت بەداوایەكەت بەفەرمانگەی كۆچ بگەیێنە

ئەگەر پاسپۆرتت، ناسنامەیان بەڵگەنامەكانی دیكەت هەبن كەپەیوەندیان هەبێت بەداواكەتەوە، بیانگە یێنەبەفەرمانگەی كۆچ

## زانیاریەكانی پەیوەندیكردن خۆت نوێ بكەرەوە

ژمارەی تەلەفۆنەكەت بەناوەندی پەناخوازان بڵێ  وەڵام بدەرەوەكاتێک كەكارمەندی ناوەندەكەتەلەفۆن بۆت دەكات بەناوەندی پەناخوازان بڵێ ئەگەر ژمارەی تەلەفۆنت بگۆڕێت

## شتی تری گرینگ

### گەڕان بەدوای سەرپەرشتەکان



ئەگەر نەزانیت سەرپەرشتەکانت لەکوێن یان ناتوانیت پەیوەندی لەگە ڵیان بکەیت، فەرمانگەی کۆچ هەوڵ دەدات یەکلا بکاتەوەکەئەوان لە کوێن و پەیوەندی لەگەڵیان ساز بکرێت بەنوێنەرەکەت بڵێ ئەگەر نە تەوێت پەیوەندی بکرێت لەگەڵ سەرپەرشتەکانت دەتوانیت هەروەها بەڕێگای  خاچی سوور لەسەرپەرشتەکانت بگەڕیت زانیاریی زیاتر لە نوێنەرەکەت بپرسە

### لێکۆڵینەوەی تەمەن



گرینگەکاربەدەستان بزانن تەمەنی ڕاستت چیە ڕەنگەپاسپۆرت یان هیچ ناسنامەیێکی دیکەی فەرمیت نەبێت کەبتوانن تەمەنەکەت لەسە ر ببینن لەو حاڵەتانەدا بەشێوەیێکی گشتی تەمەن بەشێوەیێکی دیکە یەکلا دەکرێتەوە، بۆ نمونەبەلێکۆڵینەوەی تەمەن

لێکۆڵینەوەی تەمەن تەنیا ئەو کاتەدەکرێت کەبەبۆچوونی فەرمانگە ی کۆچ پێویست بێت داوای ڕزامەندیی تۆ و نوێنەرەکەت دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوەکە ئەگەر بەبێ هیچ هۆیێکی ڕەوا لێکۆڵینەوەڕەد بکەیت، وەکو گەورەحەساب دەکرێیت

لێکۆڵینەوەکەدرێژ ناخەیێنێت و ئێشی نیە لەلێکۆڵینەوەکەدا بژیشک قسەلەگەڵت دەکات وێنەی تیشکیی ددانەکان و دەستەکانت دەگرێت

شارەزایان وتارێک سەبارەت بەتەمەنت دەدەن ئەگەر بەپێی لێکۆڵینەوەکەتەمەنت کەمتر بێت لەهەژدە ، هیچ شتێک ناگۆڕێت ئەگەر بەپێی لێکۆڵینەوەکەتەمەنت لەوەی کەوتوتەجیاواز بێت، بۆچوونت و نوێنەرەکەت دەرپرسێت ئەگەر دوای ئەوەبگەن بەوەکەتەمەنت لەهەژدەزیاترە، لەمەو بەدواوەوەکوو پە ناخوازێکی گەورەمامەڵەلەگەڵت دەکرێت نەقڵ دەبیت بۆ ناوەندی پەناخوازانی گەورە ئەرکی نوێنەرەکە شت کۆتایی پێ دێت



**تەماشای ڤیدۆیەکانی سەبارەت بەپەناخوازی بکە لەسەر کەناڵی یوتووبی فەرمانگەی کۆچ**

- داواکردنی پەنابەری لەفینلەندا
- لەسەر چی بنەمایێک دەتوانیت ئیقامەوەرگریت
- لەپرۆسەی داواکاریی پەنابەرێتیدا کێ چی دەکات؟
- یارمەتیی دادی لەپرۆسەی پەناخوازیدا
- لێدوانەوەی پەناخوازی
- چاوەڕوانیی بریار
- بریاڕی پۆزیتیڤ
- بریاری نێگاتیڤ

migri.fi/videot-turvapaikanhakijoille



Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

TURVAPAIKKA-, MAAHANMUUTTO- JA KOTOUTTAMISRAHASTO

Euroopan unionin tuella

## زانیاریەکانی پەیوەندیکردن


فەرماگەی کۆچ
ناونیشانی پۆستە PL 10,
00086 Maahanmuuttovirasto
تەلەفۆن 5920 914 006
ئیمێڵ migri@migri
www.migri.fi

نوێنەرایەتیی یەکسانی
ناونیشانی پۆستە PL 24,
00023 Valtioneuvosto
تەلەفۆن 817 666 0295
ئیمێڵ yvv@oikeus.fi
www.syrjinta.fi

نزیکترین نووسینگەی نوێنەری باڵای نەتە وەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران
UNHCR
ناونیشان Wenner-Gren Center,
Sveavägen 166,
11346 Stockholm, Sweden
تەلەفۆن +46 10 10 12 800
ئیمێڵ swest@unhcr.org
www.unhcr.org


migri.fi